# بەیانیت باش

يوسف إبراهيم

2018

ناوی کتێب: بەیانیت باش

نووسینی: یوسف إبراهیم

بابەت: شیعر

# پێشەکی

وەك هەموو جارەكانی تر ، هونەری ئەم جارەی من لە زار و دڵی تۆ دایە ، تۆیەك كەبووی بەسەربازی ونی ئێستا و داهاتووی هەموو نووسینەكانم

.

.

.

.

.

.

. پێشكەشت بێ هەموو نووسینەكانم ....

## -1-

منیش دەتوانم تەنیابم

نابینی ئاوات بەوە دەخوازم

تەنیا بم لەدڵی تۆ ...

## -2-

دوو دڵ مەبە و مەترسە

هەزار بومەلەرزەی تریش

ئەم کۆشکەی تۆ لە دڵم ناروخێنێ

## -3-

خۆش بەحاڵی ئاوێنەکەت چۆن نەتوایەوە

هەموو بەیانیەك تیشکی رووخساری تۆی بەردەکەوێ

## -4-

بالْ بگرە ئیتر

لەبەر فرین نا ....

بۆ ئەو هەموو خۆشەویستیەی من

## -5-

لە رووبەروو بوونەوە لەگەلْ دڵت  بیر لە

دادپەروەری مەکەوە !

## -6-

دادپەروەری واتا

ئەوپەنجەی خەریکی دەنگی پێ دەدەی

دەبوو ئێستا فرمێسکی منی بسریایە

## -7-

بەشێوەیەکی تر لەگریانم بڕوانە

فرمێسکی من هێندەی جوانیت راستە

## -8-

هەموو ئافرەتی دنیا جوانی دای پۆشیوە

ئەوەی تۆ ....

تۆ جوانیت داپۆشیوە !

## -9-

ئاخر داخ....

کەی حەزم لەقاوەی تاڵ و زەهرە

ئەگەر تۆی لەگەڵ نەبێ

## -10-

ئەگەر قەرار وایە مردنی من بەخەم خواردن

بۆ تۆ بێت

من خەریکە ...

ئەو مردنەشم خۆش بوێت...

## -11-

بۆ جارێکیش لە جێگای ژیان

باوەشی من تاقیبکەوە

## -12-

زۆر درندانە خۆشم دەوێی

پێت نەگەم ئازاری خۆم دەدەم ....

## -13-

**من نامەویٚ فیٚری لیٚخورینی ئۆتۆمبیٚلٚ بم**

**نامەویٚ تۆش فیٚربیت**

**تا پیٚشنیاری پیاسەیەکی ژیٚرباران دروست بیٚت..**

## -14-

**له کویٚ پیٚت گەیشتووم**

**جگه لەو دیٚرەی نووسیبووم له باوەشت دەمرم**

## -15-

هاتە بەرامبەرم و سەری دانا و دەستی خستە سەر

شانم گوتی ببورە تۆ راستت فەرموو

سەیری چاوەکانیم کرد و گوتم راستم فەرموو بوو

ئێستا بەتەما نیم دیسان بڵێم فەرموو

## -16-

گوتم من خۆشم دەوێت بە ئەوچی

گوتی راست دەکەیت من بۆ بپرسم

بەمن چی .....!

## -17-

بۆشایەکم بۆ بدۆزەوە لە خۆت

بەمن پڕی کەوە...

## -18-

لە نووسینەکانمیش

دڵم نایە خراپ باست کەم ....

## -19-

بۆ مرۆڤبوون تەنها رووخسارێکی لێکچووی دڵت

دەوێت....

## -20-

**دەتوانین دەست کەلەبچە کەین ئەی بۆ دڵ دەتوانین ؟**

**ئەو دیکتاتۆرە لە هەموو دیکتاتۆرەکان جیاوازترە**

**حەزی بە کەلەبچەکردن نیە!**

## -21-

**وەرە با چاوشێرکێ بکەین**

**هەر نا با بۆجارێک بۆ یاریش بێت ببینم**

**تۆ بەدوام دەگەرێی**

## -22-

دەستێک هەیە بیری گرتنی دەکەم

ئەگەر رامکێشێتە دۆزەخیش

وەك نەبی ئیبراهیم دەبێت

برداً و سلاما

## -23-

خوا دەیکرد گەردەنم لەدەست تۆ بێ

ئەوسا هەر با ئازادت نەکردبا...

## -24-

تۆ مانگێکیت

نە بۆ سالێت و نە بۆ ئاسمان

بۆ منیت.....

-25-

نۆرەیی پیاوە

بەگریان حەق بەخۆیی بگریٚ...

-26-

بۆ دژیی تەنیایین , خۆ هەتا ئێستا بۆ یەکجاریش

نەمان بیستووە تەنیایی خیانەت بکات !

-27-

بەجێمان بهێلن تا ئێمەش تامی خۆشبەختی بکەین !

## -28-

کەسێک هات .... و

هەموو ئەو شوێنانەی من دروستم کرد

بە ئەوت پڕکردەوە

## -29-

هەڵەکانمی بە هەمووکەس دەگوت کە گەیشتە

بەرامبەرم سلاوی کرد و تێپەری لەبەر خۆی ووتی

حەقم چیە ژیانی خۆیەتی !

## -30-

دەمەویٚ بەسیٚدارەدان ئەم ژیانە جیٚ بهیٚڵم

تا دوا ئاواتم پیٚیان بڵیٚم بینینەوەی تۆ...

## -31-

لە تاریکی  بگریی تا نەبینن فرمیٚسکت

لەگەڵ هەور تریشقە هاوارکە تا نەبیستن هاوارت

واتا شەو بکە مەنزلگەیی ئارامیت   !

## -32-

بەبێ دەنگیت قسە دەکەم

بە هاوارت بێ دەنگم

بە پێکەنینت دەگریم

بەگریانت پێ دەکەنم

لە بێ دەنگیتەوە

هاتمە قسە وداومکرد خۆشمت بوێ

بەهۆی هاوارتەوە

بێ دەنگ بووم ترسام بەجێم بهێلی

لەبەر پێکەنینت لەگەڵ غەیری من

گریام بۆ بێ وەفایت

بەگریانی پەشیمانیت

پێکەنیم وجێم هێشتی

-33-

ئەمن

سەیر نیم

رەنگە

ئەتۆ تێنەگەیشتوو بیت !

-34-

دەنگ هەڵبرن

نابێت چیتر ئافرەت بۆ ئارەزوو

و شەهوەت ئافرەت بەکاربێنێت..

## -35-

با زەهایمەر بمگرێت

ئینجا بۆ تۆ و دکتۆرەکان دەسەڵمێنم

کەلەبیرت ناکەم هەرگیز مانای چیە ...

## -36-

کەورچە سورەکەت دەبینم حەزدەکەم نەروح

لەجەستەم بمێنیٚ و نەئازادی بریاردانم هەبێت  با

هەموو شەویٚ لەسەر سەرین و لە بن دەستی تۆ دیل

بم ...

## -37-

**هەزار جاریش لەپێناو تۆ بمرم**

**و زیندوو ببمەوە**

**هەردەمەوێ لەپێناو تۆ بمرمەوە ...**

## -38-

**من تۆ بە ترافیک نازانم هەرکاتێگ خۆت گلۆپی**

**سەوزت هەڵکرد بڕۆم,رەنگە لە سەرەتایی هەڵکردنی**

**گلۆپی سوور بڕۆم ...**

## -38-

بگەڕێوە نازانی چەند بیرت دەکەم

تۆ ئاشت بەوە هەموو دنیا لە خۆم زویر دەکەم

## -39-

مێژوو ڕەحم بەدۆستانی من ناکات ......

## -40-

زۆرت لێ داوا ناکەم

هەرئەوەندە پەنجەرەکەت بکەوە و

ببینە چۆن لەسەر تۆ شەرمە ...

## -41-

**کەس وەک من بەدوای بەهانەوە نیە**

.

.

**بۆ ئەوەی نامەت بۆ بنێرم....**

## -42-

**لەوەتەی چووی من بیرت لێ دەکەمەوە کەچۆن**

**لەبیرت کەم....**

## -43-

ژیان پێکەنینێکی قوڵ بەمن و تۆ قەرزارە....

## -44-

تا ئێستا فەلەک ناسان و زانایان نەگەیشتوون بەو

ڕاستیەی مانگ ڕووناکی لە ڕووخساری تۆ

وەردەگرێت تەک خۆر بۆ ئەوەی بگەشێتەوە ...

# -45-

ئەگەر وشکەساڵ بێت

و باران نەبارێ

ئەبێ فرمێسکی یەکتربرێژن

ئەگەر دەنگی هەورە بریسکە نەبیستن

ئەبێ دڵی یەکتر بشکێنن

ئەم شارەی من وایە

بۆ هەر شتێ شوێنگرەویەک دەهێنن

بۆ خۆشیان

کە رۆشتن بە تەنیایی دەتسوتێنن

-46-

هەموو شتێکی تۆ جوانە

بەساردیتەوەش ئاڵوودە بووم ....

-47-

دڵی ئافرەت زۆر گەورەیە پێویست ناکات خۆت

بچووک کەیتەوە تا بچیتە ناوی

بگرە ونیش دەبیت تێیدا ....

-48-

ئەم هەموو مرۆڤە بەقسەکانی دەفرێتە ئاسمان

یەکێک تێم گەیینێ زەوی بۆچی دروست کراوە ....

## -49-

لەم قەرەباڵغیەی دەنگدان من تەنها دەنگی تۆ

دەبیستم ....

## -50-

لەباوەشیَ سەما ئەکەی

لەباوەشیَ شین و رۆرۆ ئەکەی

پێم بڵێ تۆ چیت

بەروح لای من

وبەجەستە لای یەکیَ تری ..

-51-

دەترسم لە دڵم خەفەت هەڵگرم

چونکە تۆی تێدایە

دەترسم ئازارت بدات ...

-52-

ــ ئەزیزەکەم

ــ گیان

ــ گوێم بۆ رادەگری ؟

ــ تۆ داوابکەی من دڵت بۆ رادەگرم

## -53-

**بەجێم بهێڵە**

**ئەتوانم بەخەمتەوە بژیم**

**بەڵام خەم مەخۆ**

**لەخەمتەوە دەمرم...**

## -54-

**ئەمانەت بێ**

**خەمت من نەبێ**

**هاوشێوەی من خەمی خۆتت بێ**

## -55-

دەمگووت توانا* ئەگەر رۆژێک من کەسێکم بەجێ

هێشت لەبەر ئەوەنیە رقم لێیە

لەبەر ئازارە ئازار

ئەو ئازارانەی تۆ تەمەنێکە خەریکیت...

*توانا ئەمین من بە نووسەری ئازارەکانی دەبینم

## -56-

یەک سووری تەواوی ئەم زەویە بۆ تۆ

لە کوێ لەمنت باشتر دەستکەوت

لەوێ بمێنەوە ...

## -58-

**من و درۆ لەیەک دەچین هەموویان پێمان دەوێرن**

**...**

## -59-

**خەم ئەخۆی ؟**

**نا بۆ بیخۆم حەق وایە بیهێنمەوە ..**

## -60-

**تاوانی ئەو نیە دەستەکانی بۆنی گوڵی لیٚ دێت ،ئەوە**

**خوێنی منە بۆنی ئەوی هەڵگرتبوو ..**

## -61-

ئێستا نازانم

من بەتۆ دەژیم یان دڵم ...

## -62-

سوور بپۆشی یان نا

هەر سوور پۆشی

خۆت تێکەڵی سووری دڵم کردوە..

## -63-

تۆ زیاتر بەدوای ئەقڵتەوەی یان دڵت ؟

بەدوای تۆم زیاتر ...

## -64-

ئەگەر جەهەنەمێک هەبێت بۆ تۆ دروستکراوە ...

ــ بۆ ؟

هەموو دڵەکانت بەداوی خۆت وێڵ کردووە ...

## -65-

باشترینتم

لەدەستم نەدەیت

رەنگە چانسی باشترینێکی ترت نەبێت ..

-66-

لەخۆتم بگرە

لە دڵمت دەگرم ....

-67-

وا قيامەتيش هات

ئەرێ بەرواری لەبيرچوونی تۆ نەهات

-68-

ئەگەر ئاسوودە دەبيت پێت بڵێم جوانی

ئەوە جوانی

بەڵام ئەگەر دەتەوێ راستگۆبم لەگەڵت

ئەوە جوانترينی ....

## -69-

لەبەر بیٚ تۆی

بەردەوام شیعرەکانم بۆ ئەدرەسی هەڵە دەنیٚرم ...

## -70-

دەڵیٚن دوو دنیا هەیە ئیٚرە و قیامەت تۆ پیٚم ناڵیٚی ئەو دنیایەی لە چاوانت ناوی چیە ؟!

## -71-

نەم توانی بەتۆ بڵیٚم

نەم ویٚرا بەخەڵکی بڵیٚم

کەچی هەزار دیٚرم نووسی

کەمن خۆشم دەویٚی ...

## -72-

**دەستی کە دانا لەسەر رووخساری**

**هەرەشەکانی لە جوانی دەست پێ دەکا**

**خوانەکا پێ بکەنێ**

**ئاسمان بەمانگ چۆڵ ئەکا**

## -73-

**ئەو ماسکە لە رووخسارت دابنێ**

**ماسکێ تر ببەستە**

**ئیتر خەریکە کۆن ئەبێ**

**ئەترسم تۆزێ خۆر لەرووت نەدا**

**و رووت بۆگەن بێ**

## -74-

لە ناوەراستی ئەم شارەبووم

تەلەفۆنی بۆ کردم گوتم ئەلو

گوتی گیانی ئەلو

گوتم ئەزانم ئەپرسی لە کوێی

گوتی بۆ بپرسم خۆ ئەزانم لە دڵمایی

## -75-

ئەمشەو مانگ گیراوە

ئێوە بۆ سەیر دەکەنە ئاسمان

رووبکەنە ماڵی یار

یار بێ تاقەتە

## -76-

ئەزانی ئەمرۆ رۆژم لە ئاسمانی خۆم نەبینیوە

سەرت بەرزنەکەیتەوە

من تۆ دەڵێم ...

## -77-

ناتوانم پێت بڵێم تۆ هەموو ژیانمی

کەژیانێکی وا زووخاوم هەیە

-78-

خۆزگە لە یەکی نیسان گوتبات خۆشم دەوێی ، ئێستا پێم نەدەگووتی درۆزنی چونکە دڵم نایە ...

-79-

هەموو سەرەتاکان بەتەنها دەست پێ دەکەم ، بۆ تۆ نەبێ .... لەگەڵ تۆ دەست پێدەکەم ...

-80-

بۆ وەسفی جوانی تۆ

بووم بە دەستگێر بۆ وشەکان ...

## -81-

ئەگەر نیەتی هاتنت هەبێ تۆ

زەنگی هەنگاوەکانت وا بەرزە

لەسەرەتای هاتنتەوە دەبێ بەئاوازی ژیانم

## -82-

ئەوان پەنجەکانی خۆیان لام بەجێ نەهێشتووە تا بیان

گرم ، تەنها جێ پەنجەیان دیارە لەسەر ئازارەکانم ...

## -83-

هەمووومان نامانەوێت ببین بەتابلۆ بەڵام هیوای ئەوە

دەخوازین بەرامبەرەکەمان ببێتە تابلۆ تا بە پێی

حەزی خۆمان بیکێشین...

## -84-

پیاسەیەکی  ئێواران وای کرد ئاشقی بم

ئێستا پیاسەی ئێواران دەکەم تا لەبیری کەم ...

## -85-

من سەرەتای خۆشەویستیم بەتۆ دەست پێکرد بەڵام

وای بۆ دەچم خۆشەویستی کۆتای بە من بێنێت و

خۆی کۆتای نەیێت ...

## -86-

هەمووان لەدوات رادەکەن تا پێت بگەن ،کەچی من

لەپێشت رادەکەم تا رێگای خۆشبەختیت  بۆ بکەمەوە

...

## -87-

نایەویٚ بۆ بەیانی شرینی ببەخشیەوە

ئەوەی بەو جلە کوردیەوە بتبینیٚ

کوا شرینی بیردەکەویٚتەوە

## -88-

یار کوا زستانی ئەم ساڵ وا ساردبوو

زوو زوو باوەش ئەگۆری

باوەشی من چی بوو ،دڵت لەلای من چی بوو

وا بەجاریٚ ئەتۆری

دڵی من خاکی تۆیە

بەجێی بهێڵی

گیانیش بسپێری وبرۆیتە ئاسمان

روحت لەویٚش هەر پەناهەندەیە

مەگەر خودا فریادرەست بیٚ

لەو بەندە و لەم بەندەیە

## -89-

بەشەو دەرکەوی ئەم شارە رووناك دەبێتەوە

بەرۆژ دەرکەوی باغەکان بەگوڵ دەگەشێتەوە

بۆ من دەرکەوی مردوویەك زیندوو دەبێتەوە

بەبینینێکت دێوانەیەکی تـــــــر دێتە رێتەوە

## -90-

ئێوارەم بۆیە خۆشدەوێ

چونکە رەنگی چاوی تۆ هەڵدەگرێ

دڵم بەروانین لە مانگ دەکرێتەوە

چونکە وەك رووخساری تۆ دەگەشێتەوە

# -91-

چاك ئەزانم سەرت لەمن سورماوە

بەچاوانت ئاشق بووم و

هەر لەئەفسانەیەك دەچم

بڕوات هەبێ لەگەڵ بینینێکت

بەم دڵە پڕ لە تۆیە

لە نوێوە زیندوو دەبم

واپڕبووم لە تۆ

هەموو بەیانیەك خۆر هەڵ دێ و

من بۆ دیداری تۆ دەمرم

چەند بەیانیەکە خەونێ دەبینم

بۆ بەیانی دواتر

باڵ دەگرم و بۆلای تۆ دەفرم

کەچی ئەو رۆژە تێ دەپەرێ

وبەدیداری تۆ شاد نابم و

ئەسرینی دووچاوم دەسرم

## -92-

هەموو دەمێ بانگت دەکەم

گەر دەنگیشم بە گوێت نەگا

ئەو ئازارەی لە ناخم

بەناوهێنانی تۆ ئارامم دەکا

لە ناو چاوانی تۆ دنیایەك دەبینم

کەباکی نیە بەبوونی من

دووچاوی پڕ لەسۆز و نیگات

بۆ ساتێکیش نەگریا بۆ نەبوونی من

# -93-

من بەرەو دڵی تۆ رادەکەم

لەپێناو دڵی تۆیە هەناسەدەدەم

گەر دڵی تۆ نەبێ

کوا مەیلی ئەوەم ماوە ژیان کەم

سەرم سورماوە لە تۆ

کەپێم دەڵێی دەست هەڵگرە وبرۆ

چۆن سەیر نییە

جەستە دڵی دەوێ یارۆ

دڵ کەخووی گرتووە بەهەبوونت

سەختە بگرێ بەرگەی چوونت

دڵی ئەوەشم نایێ خۆزگە بخوازم

وەك من بگرێ گڕی دەروونت

## -94-

دەم زانی قوربانی شەری نێوان تۆ و جوانی منم

پیاوێکم غیرە لە جوانی دەکەم

ئاخر بۆ ئەوەندە لە تۆ دەروانێ

پێم بڵێ سەرنجیت بۆخۆت راکێشاوە ؟

داوای بەشێکی لەتۆ کردوە پێت نەداوە

یان رقی ئەوەیە لەدوای دەرکەوتنی تۆ گرنگ نەماوە

ئاخ جوانی بەدوای تۆ

چەندە وێڵ و داماوە

بەدوای هەر روانینێکی بۆتۆ

هەناسەیەکی قوڵی کێشاوە

ئاخر حەقیەتی گلەیی بکا

بۆ بەقەد تۆ بەو نەدراوە

## -95-

لەناوچاوم هەڵم گرتووی

زانیم حەزت لە بارانە

گلەی ناوێ کەمێک سوێرە

گریانێک بۆتۆبێت وەک تۆ شرینە

گلەی ناوێ کەمێک بە لێشاوە

هەر چوار وەرزم بۆکردوی بەزستان

پێم دەڵێن چاوت دەدرەوشێتەوە

نازانن چاوانم پڕبوون لە تۆ

سەرم سورماوە هەر خەریکی دەڕۆی

کەچی لە چاوانم ماوی

بۆ دڵیشی وای

لێرە نیت و

هێشتا لێی ماوی

## -96-

چ خەياڵێكی تۆ

لەلام رۆشتووی

و لەدڵم ماوی

چ درۆيەكی راستی

شايەن نيت و

لەدڵم شاهانەی

## -97-

بۆ نابیٚ لەدڵمابی

بۆ نايێی لەگەڵمابی

لەدەستم لە سەما بی

بۆ بۆمن نابی

## -98-

بیرکردنەوە لە تۆ

زۆرشتی فێرکردم

جگە لە خەیاڵم

پارچەیەکت لەمن بردوە

پەشیمان نیم

ئەم پارچەیەم بە تۆ سپاردوە

## -99-

لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەمرۆیان  مانگی ئەوان

دەردەچێت ...

ئەی تۆ بڵێی لەگەڵ ئاوابوونی تەمەنی من مانگی من

دەرچێت...

## -100-

چ مەراق ئێوەی گرتووە بزانن چی لە دڵە

خـــۆ سوێندتان خواردبوو خوێنە و لە گڵە

## -101-

چی دەبوو گەر پارچەیەك بوام لە ملوانكەی ملتەوە

رۆشتبای بۆ هەر شوێنێ هەبام لەگەڵتەوە

دە لەخۆتم بگرە وەك پارچەیەك لە گیانت

بەڵێن دەدەم

بە جارێ دەچمە دڵتەوە

بەڵێنی ئەوەشت دەمێ

بەیەكجاری دەچیتە دڵمەوە

## -102-

ئەی بارانی روح

لەژێر هەوری ڕەش نەبارێ بەسەرما

تا بەختی رەشم مابێ

کام رەش هەیە لەخۆتت بگرێ

ئەی یارانی ئەشکەوت

لەنێو ئەو دڵە بچووکەی من

بوی بەئەهلی دڵم

ئەی گریانی هەرشەوم

ئەی پێکەنینی بابردووم

من سۆمای چاوانت نەبووم ؟

## -103-

دڵۆپ،دڵۆپ بارانی دەباریٚ لە حەواوە

من ئادەمی تۆبم،ئەباریٚم وا بەسەرتا

خۆم سەرسامت دەکەم ونازت دەکێشم

تەرت دەکەم و ئەبم بەو چاکەتەی بەرتا

لە رووخساری ماندووی من مەڕوانە

بەفوویەکی تۆ گەش دەبمەوە

تۆ بەس بهێڵە دەستت بگرم

بۆ ژینێکی نویٚ دەچمەوە

قاقای پێکەنینت با وا بەرز بیٚ

ئەترسم من لە هەورە بریسکەوە

نیگای چاوانت وا داگیرم کات

تۆ نەبی قەد بەئاگا ناهێمەوە

# -104-

دانیشتووم لەبەر خۆرەوە

گلەی دەکەم لەگەرمی ناخم

خەریکە ون دەبێت

ئەو کە نامێنێ

خۆر بۆ کوێ دەبات

فەرشی سووری دڵم بۆ دەپێچێتەوە

نایەوێ لەدوای خۆی

کەس پێ بنێت بەرێمەوە

خۆزگە یەك نیشانە ببینم

کەتۆ دێیتەوە

بەڵێن بەروحم دەدەم

تەنها لە دەوری یادگاریەکانت دەسورێمەوە

ئەم جارە لەجێگای پەنجە بخشێنی بەهاندەکەت

با لەگەڵ هەناسەت لەسەر رووخساری من خۆی ڕاخات

لەجێگای شوێن پێت شەقامەکان داگیرکات

باهەڵەبکەیت وپاژنە بەرزەکەت

شوێن پێڵاوی من بگرێت

## -105-

بەیانیت باش شاجوانی ئەم مەملەکەتە خودایيە

هەربەیانی باشێکت نەبیستم،ئەو رۆژە دڵم لام نییە

بەیانیە دەی باجوانیت باڵ بکێشێت بەسەر ئەم شارە

درەوشانەوەی تۆ نەبێت،ژیان بۆمانگ مانای چییە؟

## -106-

هەموو ئێوارەیەک خەیاڵێک لە من سەما دەکا

ورێنە دەکەم ودەڵێم خۆشم ناوێ

دڵم مان دەگرێت و ئاشت نابێتەوە

دەڵێ درۆی وەهام لە تۆ ناوێ

# -107-

وجودم نیە؟تۆ نەبی

توخوا وەرەوە

ئەگەر نیازی رۆشتنت هەیە

ئەمجارە منیش لەگەڵ خۆت بەرەوە

هاتی تا نیوەی هاتن

ڕۆشتی بەیەکجاری

چەندە رۆشتووی

هێشتا نێوگلێنەکانم دیاری

بیرت ئەکەم

دەجارێ لێم بگە

دە ئەمجارە وەکو دڵم

من لەگەڵ خۆت ببە

لە من واناگەی

وپێم دەڵێی برۆ

بەدوای کێ بکەوم ئاخر

دڵم یان ئەتۆ

# -108-

ئیتر دنیای من بۆ ئەوە خەلق کراوە

من لەپێناو تۆ بنووسم

تۆش لەگەڵ کەسێکی تر بەنووسینەکانی من بەسەر یەکتردا

هەڵبڵێن

# -109-

من بە هێزم لە لانەبردنی ماسکەکەم

یان ئەوان لاوازن لە بوهتانی دروستکردنی ماسك بۆم

....

# -110-

چی لە دڵم دەکات با بیکات

من لەمێژە قەرارم داوە مولکی ئەوە

باسی چاکەی ئەو بکەن

لێی گەراوە لە جەستەم پێی بژیم تا ئێستا

## -111-

گوڵمان هەیە ئەگەر بەئاوی چاویشت بێت پێی دەگەیێنی

کە پێت گەیاند ئەگەر بەگەڵاکانیشی بێت وەك پۆستالی

سەربازێکی نامەرد ئەوەی پێت گەیاند دەخاتە ژێر

پۆستاڵەکەی

## -112-

ئەوە منم حەزم بەدرۆکردن نیە لەگەڵت

ئەگەر نا کەی وڵامی چۆنی بەسوپاس دەدرێتەوە

## -113-

یەکێک هەیە دەهـ جار دەمگریێنێ ڕۆژێ

بێ ئەوەی یەک دڵۆپ فرمێسکم برێژێ

ڕێز لەو دێرەی دەگرم،دەیگوت

تۆ لەگەڵ من فرمێسکت نابێ ببینرێ

## -114-

پەردەپۆشکردنی درۆکانمان و ئازاری ویژدان یەک

وشەیە خۆمن خۆشم دەویست ، ئاشقی نەبووم ..

# -115-

گوڵێکم لەدەستم قەتیس کردوە

دەمەوێ ڕێ بکەم بۆلای تۆ

بەڵام ناونیشانتم ون کردوە؟

ئەدرەس دەکەوێتە دڵەوە

ئەگەر لە دڵت نەبم

من لەگەڵ تۆ خۆشم ون کردوە !

هەموو لاپەرەکانی نووسینم

کراسی بەر وشەکانیش

ڕەنگی تۆیان هەڵگرتووە

چی ڕوویداوە

وا خۆیان ناسک کردوە

لەوەش لە تۆ چوونیان هەڵبژاردووە

## -116-

شێتم بەڵام لە کۆلانەکانی شار نەکەوتووم لە خەیاڵەکانم

کەوتووم

## -117-

هیچ شتێک نیە لەم دونیایە لە مێشکم نەخولێتەوە

تۆ نەبی

تۆ تەنها لە دڵم دەخولێیتەوە

# -118-

بیری بۆنی قژت دەکەم

بایەکی پایزانە دەهات و دەخولایەوە لە تۆ

تێکەڵ بە تاڵ تاڵی قژت دەبوو

هەموو بۆنی تۆی لە خۆی هەڵدەگرت

ومن لەبەشی تۆ ئەوەم هەبوو

پێم بڵێ بۆ قژت داپۆشی

ئێستا هەوای ئەم دنیایە

تەنگە نەفەسی بۆ دروست کردووم

## -119-

چەندە خۆشە تۆ لەمن نەبووری

.

.

هەتا لەو دنیاش یەکتر ببینینەوە

## -120-

بەردەوام خەریکی شکانەوەی منن بەوەی کە سەگـ وەفادارە

ئەمجارە ئەم ترسەم دەشکێنم و پێیان دەڵێم دەی ئێوە

سەگـ بن ، من دەمەوێ وەک مرۆڤـ بمێنمەوە....

## -121-

**ئەوان دەنگیان هەڵبری بەرامبەر داگیرکاری ئازادی و بژێوی هاتنە سەر شەقام ، پێم بڵێ کەی من دەنگ هەڵدەبرم بەرامبەر داگیرکاری تۆ و بێم بۆ کوێ و برۆم بۆ لای کێ؟!**

## -122-

**ئەو لاستیکەی قژت بکەوە**

**سەر بلەرێنەوە ، با قژەکانت وێنای پەلکە زێرینەم بۆ بکات**

**زەردەخەنەیەکم بۆ بگرە ، با کشانی ئەستێرە لە رووخساری تۆ ببینم**

**دەست بخە ژێر چەناگەتەوە**

**ببە هەر حەوت تەبەقی ئاسمانی من**

**سوور بپۆشە و**

**با بتخەمە جەستەم لە جێگای دڵم**

**تۆ پێ بخەیتە هەر شوێنێک**

**ئازار ناچێژێت گوڵم**

## -123-

**تۆ لە هەر پارچەیەکی ئەم دنیایە بژیت**

**لە کۆتایدا بەرەگەز هی نیشتیمانێکیت**

**پارچەیەک گۆشتە لە جەستەی من**

## -124-

**ئەو کاتە دەمرم**

**ئەوانە نەمێنن ناوم ناون ژیان**

## -125-

دێوانە بوون بەهەموو مانایەوە لە من بەدی دەکەیت؟

جوانێک وەک تۆ لە زەمین بێت،زەمین بۆ ناشاد بێت

وەرزی بەهار وەسفی خۆی لە تۆ دەست پێ دەکات

چۆن حەسوود نابم،خودا دەبێت تۆ بەکێ بدات

## -126-

تۆ بەبێ تاقەتیەوە،دنیا بەیازدە کەوکەبەوە وێڵ دەکەی

## -127-

من و تۆ بگرە ژمارە و پیتەکانی ناومان جیاوازە ....

## -128-

ئەی باخەوانەکەی خانەکانی لەشی من

وەرە گوڵەکانت خەریکە سیس دەبنەوە...

## -129-

دەمەوێ بمرم

نەك لەبەرئەوەی حەزم لە ژیان نیە

حەزم لە ژیان بێ تۆ نیە ....

## -130-

تەنها دەنگی من لەم شارە نەبێت

ئەم شارە بۆتۆ بێ دەنگ دەبێت

## -131-

نەحەزم بە ئەڵقەی تورکیە

نە ئەڵقەی پەنجەی تۆ...

## -132-

بۆسارد بووی

ـ پێشتر گەرم بووم ئێستا نۆرمەڵم ...

## -133-

کەیی لە نەفرین کردن لە من تەواو بووی دووبارە

خۆمت پیشان دەم تا دووبارە دەست بە

نەفرەتەکانت کەیتەوە ، چونکە ئارەزووی من بوون

لە خەیاڵتە ، گرنگ نیە چۆن بم لە خەیاڵت ...

## -134-

کێ بوو گوتی رووخسار گرنگ نیە

ئەوە نیە من بەرووخساری دەزانم چیەتی ...

## -135-

ئەوەندە یاخیم

سنوورێک بۆ باران دادەنێم چیتر بۆی نیە پەنجەت لێ بدات

بۆ با نیە تێکەڵ بێت بەقژی تۆ

سەرۆک بۆت نیە یاسا بەسەر ئەو بسەپێنی

یاخیم

کام تاسە هەیە لەسەر زەوی رێ لە تۆ بگرێت

کام ئەستێرە جورئەتی ئەوەی هەیە

ئەو شەوەی تۆ حەزت لێ بێت دەرنەکەوێت

-136-

تەنها شت لەژیان لێی پەشیمانم

بیر لەشتێک بکەمەوە لێی پەشیمان بم

-137-

وەرە بە یەک بگەین

رۆژی بەیەک گەیشتن دروست کەین بۆ جیهان

## -138-

**لە کۆتایدا لەگەڵ قەلەم دەمێنمەوە**

**هەر ئەو جێم ناهێلێت ...**

## -139-

**ئەوە بۆ سەرتان سورماوە کە مانگ لە ئاسماندا شۆک بووە**

**رەنگە ئەمشەو دەرنەکەوێت لە شەرمان ، تاریک بمێنێ کوچە و کۆلان**

**ئەها پێتانم دەوت نەکەن بیشوبهێنن بەمانگ ، مانگ رادەکات**

**مانگ بشوبهێنن بە ئەو ئەوکات مانگ سەری بۆ دەنواند**

**چیتان داوە لە گوڵ و عەتر ، خۆ ئەو بۆنی بەوان بەخشیوە**

**وازدێنن لە بوکە شوشە ، بەڵام هێشتا جوانی ئەوتان نەدیوە**

## -140-

بیٚ دەنگی شەو

.

.

زۆرترین قەرەباڵغی لەسەر دڵ دروست دەکات

## -141-

ئەگەر یەکێك لە ئازیزانت توشی شێرپەنجە بێت ، چۆن مامەڵە لەگەڵی دەکەیت ؟

ــ لە هیچ شتێك بیٚ بەشی ناکەم ،چی بڵێت بۆی جیٚ بەجیٚ دەکەم ،قەد دڵی ناشکێنم و بیٚ نازی ناکەم ..

دەبیٚ خودا ئەو چانسە بەکیٚ بدات و تووش بێت ..

## -142-

**سەیرم هاتووە لە رووخساری بێ شەرمت**

**چۆن تا ئێستا سەرت نەنوواندوە لە شەرما**

**نەهامەتی ژیانم هەمووی تۆ پەروەردەت کردووە**

**عەجیبە هەست بە تاوان ناکەی لەبەرامبەرما**

**نەمبینە وا روو گەشێکی بەزەردەخەنەم لە رۆژانەم**

**رووی من هەر لەرووی تۆ دەچێ کەبووی لە گەڵما**

**ئەوکات رووی تۆ درۆی دەکرد ،ئێستا رووی من**

**خواش دوو درۆزن ، کۆناکەتەوە لەگەڵ یەکا**

-143-

وشە تەواو بوون لە خەیاڵم

تۆ جێگات گرتەوە...

-144-

ئەگەر ژیان کردن لەگەڵ تۆ نەبووایە ئەوە ژیانم

هەڵنەدەبژارد ..

-145-

تۆ ئازاد ناژی

لە نووسینەکانم بەندی...

## -146-

**دەستت نەگەیشت بە خەیاڵم**

**ئەگەر نا خۆت لە وێش وێران دەکرد...**

## -147-

**خۆزگە ساردوسریی رووخسارتیش بەرامبەرم**

**وەك ئەوانی ترت درۆ بووایە...**

## -148-

**بۆ مرۆڤایەتی**

**بجەنگە لەگەڵ مرۆڤەکان...**

## -150-

خوایە

خەیاڵی نیوە شەو بنێریت بۆ خەیاڵ

## -151-

ژیان بافێرت کات پێش ئەوەی تێرت کات

برسیت دەبێتەوە بەڵام لەبیرت ناچێتەوە....

## -152-

درۆ

مرۆڤێکت بۆ رووت دەکاتەوە .....

## -153-

جوانی تۆ دای لەدڵ جا دڵ چۆن سەما نەکا

جوانێك وەك تۆ خراپ دڵ شەیدا ئەکا

ئەی نیگا نەبوو تیری دا بەدڵی ناموتەفیقم

دڵ بوە موتەفیق،ئەی بۆ ئێستا لام نیت رەفیقم

## -154-

هیچ رق لێبوونەوەیەك

ناگاتە رقی ئافرەتێك لە ئافرەتێكی تر....

## -155-

**ئافرەت وەك ئەوترێیە بە کە منداڵەکان هەر خۆیان بەرز دەکەنەوە وە دەستییان پێت ناگات**

**!**

**وەك ئەو گوڵە نەبە کە منداڵەکان لێی دەکەنەوە بە ئاسانی و دواتر فریٚ دەنە ئەرز و پێیەکی دەخاتە سەر ..**

## -156-

**زۆر خۆت بەگەورە ئەزانی؟**

**بۆتۆ خۆت بە کەم ئەزانی !**

-157-

سەردەمێکە پڕپەتی لە مرۆڤی میزاجی !

جارێک تۆ لایان زۆر مەزنی

جارێکیش لایان زۆر درۆزنی

-158-

زۆر جار بۆ دڵخۆشبوونی دڵ پێویستە پێ بخەیتە سەر

دڵ و  شتانێکی زۆری لێ بسێنیتەوە....

-159-

سۆز دوای مرۆڤـ دروستکراوە

ئەی ئەوە نیە لە دایکم وەرگیراوە

## -160-

لەسەر رووخساری کەس نەنووسراوە حاڵی چۆنە

هەبێ نەبێ دەجالێکە لە ئاخیر زەمان

ئەویش نووسراوە خراپە ...

## -161-

تۆ تەنانەت چاوتیش شەرم لەگەڵ دەکات،و ئازارم دەدات...

کەچی خەلک بۆ جوانی لێی دەڕوانێ؟

تێم بگەیێنە ، هەر شتێک جوان بێت لەم دنیایە

دەبێت بۆ من زەواڵ بێت..

## -162-

لە نێو هەموو پارچەکانی دنیا

من داوای پارچەیەکم کردوە

دەکەوێتە سینەی چەپت .....

## -163-

دە زەردەخەنەی تۆ نەبێ , دەرنەچێ و نەکەم موبالەغە...

گوڵ سیس دەبێ , و گەڵا زیز دەبن لە دارا

## -164-

تا شێتی کۆڵانەکان بم

با شێتی تۆ بم ....

## -165-

بۆتۆ پشتم لە هەموو دنیا کرد

بۆمن هەموو دنیا لەبیر خۆت ببەوە

## -166-

ماوەیەکی زۆرە هەمان وێنەت لەسەر شاشەی مۆبایلمە

ئەرێ چاوەرێ نەکەم وێنەیەکی نوێ بگریت و بنێریت

-167-

ئاشق بوون کردنەوەی پەنجەرەیەکە لە کاتی

تۆز وبا...

-168-

مەرج نییە گریان روح ئارام کاتەوە

ئەو روحەیی خالی بێت لە تۆ

هەزار گریان ناتوانێت جێگات بگرێتەوە

-169-

ژیانم پڕکردووە لە نارێکی لە پێناو مانەوەی تۆ....

-170-

تا تێربم لە بینینت

هەموو رۆژێکت دەکەم بە ئاهەنگ بێ بۆنە

-171-

هەموو رۆژێ دوو گوڵت بۆ دێنم

یەکێک بۆ خۆت

یەکێکیش بۆمن لە باوەشت بگرە تا بۆنی تۆ بگرێت

## -172-

ئەمساڵ وابزانم باران لە گەرمەی هاوینیش دەباریٚ

باران لە جیٚگای تۆ شەرم ئەکا

فرمیٚسکم ببینیٚ و نەسریٚ

## -173-

حەزئەکەم ئەوەندە زۆر باران بباریٚ

بەخەیاڵی ئەوەی رەنگە لافاویٚ هەڵسیٚ

و تۆ بۆ لای من بهیٚنیٚ

ئەم چارەنووسە رەشەش بروخیٚنیٚ

## -174-

ئەو قسانەی ناتەوێ بیکەی

ڕێک بیخە دڵت و دڵتی پێ بشکێنە ....

## -175-

تۆ بەشێکیت لەمن بەڵام بەناوی ئافرەتێکەوە کراوی..

## -176-

ڕێز لە هەندێك درۆ بگرن زۆر ماندوو دەبن تا ڕێكی دەخەن.....

## -177-

مەحبەت شتێكە زیاد دەریخەی هەڵەیە

كەم دەریخەی هەڵەیە

دەری نەخەی هەڵەیە

تۆ وەرە نێوان ئەو هەموو هەڵەیە ڕاست بكەیت

## -178-

هەستی نیشتیمانی چی

نیشتیمانی من

ئەو شوێنەیە ، تۆی لێ بێ....

## -179-

هەموو کۆڵانەکانی نیشتیمان بۆنی سووتاوی گرتووە

خۆپیشاندان نا , دڵەکان دڵ ...

## -180-

دەزانم پارانەوە لە خوداش سوودی نابێ

هەتا ژیانی من بە یادگاری تۆ دەور درابێ

## -181-

میوانێکی یەکجار سەیر بووی

هەر کەچووی

هەموو ماڵەکەی منت لەگەڵ خۆت برد

## -182-

نیشتیمانەکەی من

دڵمی لە دەستی کرد

وخەیاڵمی لە کۆڵ کرد

بوە کۆچبەر و رۆشت ...

## -183-

**دەمەوێ ئەمشەو بەراوردێك بكەم لە نێوان**

**خەياڵەكانم بۆ تۆ و دەنگی ئاژەڵەكان ، بزانم كاميان**

**زياتر رقم لێيە ....**

## -184-

**پەپوولەيی تۆ بە من چی ؟**

**كە چاوانم لێت ون بێ**

**بەدوای گوڵی تر ئەچی**

**چاوانی من پاكە**

**بۆ ژەهری ناخت خۆی ناكاتەوە**

**هەر كەناپاكيت ببينێ**

**بەگريانێ زوو لەبيرخۆی دەباتەوە**

## -185-

**لە سەيرترينى سەيرەكان !**

**چەندە رۆژ تێپەر دەبێت بەسەر ئەو رۆژەيى لێم**

**دووربوى من زياتر هەست بەتەنهايى و بێ تۆيى**

**دەكەم ...**

## -186-

**وەك ئەمرۆى خەڵك بوو**

**تۆم هەڵبژارد و خستميتە سەندووقى دڵم**

**وەك ئەم ئێوارەى خەڵك نەبوو**

**لە سەندووقى دڵم دەرنەهاتى**

## -187-

وردە وردە باران خەریکە رقی خەڵک لە خۆی هەڵدەسێنێ

لافاوێک وەک تۆ بەقەرەباڵغیەوە دێت و

دوای خۆی رووخان و بێ دەنگی جێ دێڵێ

## -188-

سەختە باوڕبکەی

بەس گەرم و گوری ئەو پیاسەی لە ژێر باران و بای سارد

کردمان

لەبیر ناکەم .....

## بەرهەمەکانی ترم....

تراژیدیای بێ دایکی / چیرۆک

گفتوگۆی من وئافرەتێک

بەیانیت باش / شیعر

## ئەوانەی خەریکی نووسینیم

ئەو نامانەی لە گیرفانی چەپی سینگم مایەوە

فێریان کەخۆشتیان بوێ

چۆن تێگەیشتم ؟

خەونەکانی من

وردکە نان/چیرۆک

رەگەز/رۆمان

سەفەرێک تا قیامەت